لەم ساڵانەی دواییدا، بەتایبەتی پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق کە تەبشیریە مەسیحییەکان شان بەشانی سەربازانی ئەمریکی و بەریتانی رووبان لەعێراق کرد، سەدان گەنجی کورد، پاڵنەرەکەیان هەرجیبەک بووبێت، چوونە سەر ئایینی مەسیحی و کڵێسایەکیشیان بەناوی کڵێسای کوردزمان لە هەرێمی کوردستان دامەزراند. ئەم قسە و باسە ئیدی هیچ شتێکی نوێی تێدا نەماوە بۆ باسکردن، بەڵام ئەوەی کە هەر لەم سەدانە کەسیش لە ئایینزای سوننەوە بووبێتنە شیعە و، لەنێو ئەوانەشدا چەند مامۆستایەکی ئایینی هەبن، رەنگە شتێکی نوێ بێت. ئەوانەی (رووداو) لەم راپۆرتەدا دواندوونی، ئەوە ردەدەکەنەوە کە ئەم گۆڕینی مەزهەبەیان لە چوارچێوەی کارێکی رێکخراودا بووبێت. هەمووان دەڵێن لەئەنجامی بیرکردنەوەو رامان و بەدواداچوونی خۆمان گەیشتینە ئەو بڕیارە. لێرەدا ئاشکرایە کە گۆڕینی مەزهەب وەک گۆڕینی ئایین نییە تا ئەمان بە مەسیحییانی کڵێسای کوردزمان بەراورد بکەین؛ بەڵام خاڵی لێکچوونیش لەنێوان ئەو دوو حاڵەتەدا ئەوەیە کە لە نێوان هەردوو مەزهەبی سوننی و شیعیدا پتر لە هەزار ساڵ شەڕ و ململانێ و مشتومڕ و خوێن هەیە. کەواتە بڕیاری ئەم مامۆستا ئایینییانە لەچییەوە هاتووە؟

سەلام سەعدی و ئەوزاد مەحمود
رووداو-هەولێر، سلێمانی

مەزهەبی شیعە بەرەو کوردستان هەڵدەکشێ

مامۆستایەکی ئایینی کورد: ئەگەر هەموو شیعەکانی دنیاش پەشیمان ببنەوە، من پەشیمان نابمەوە

23 ساڵ بەر لە ئێستا، مەلا سەید عیسا رەشید بەرزنجی، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا گۆڕینی ئایینزای خۆی لە سوننەوە بۆ شیعە راگەیاند و ئێستاش پێداگیری لەسەر ئەو بڕیارەی خۆی دەکات "ئەگەر شیعەکانی هەموو دونیاش پەشیمان ببنەوە، من پەشیمان نابمەوە". هەروەها دەڵێت "ئەوەی ئێستا من دەیزانم، ئەگەر برا سوننەکان بیزانن، بێگومان بن ئەوانیش دێنە سەرەمان بۆچوونی من".

مەلا سەید عیسا، ساڵی 1969 لەناحیەی شوانی سەر بە پارێزگای کەرکووک لەدایکبووە. پێشتر لەبەردەستی باوکیدا کە ئیمام و وتارخوێن بووە لە کەرکووک، وانەی ئایینی خوێندووە. سەید عیسا ئێستا بەڕێوەبەری بەشی قورئانە لە لقی سلێمانیی دەزگای شەهیدی میحراب کە دەزگایەکی سەر بە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقە بەسەرۆکایەتی عەممار حەکیم.

یەکەم بەربەککەوتنی سەید عیسا لەگەڵ شیعەکان ئەو کاتەبوو کە ئەو تەمەنی 9 ساڵ بووەو لەگەڵ باوکی چووەتە کەربەلای نەجەف، لەوێ سەردانی گۆڕی ئیمام عەلی دەکەن. دەڵێت "باوکم خەریکی قورئان خوێندن بوو، منداڵێک هات و کتێبێکی دایە دەستم وا بزانم رێنوێنی زیارەتکاران بوو، من لەمنداڵەکە تووڕەبووم و گوتم لاچۆ کافەر، باوکم بەپێکەنینەوە ئاوری دایەوەو منیش پێمگوت ئەو شیعەیە دەیەوێ کافرم بکات، بەڵام باوکم تێیگەیاندم کە ئەوانە کافر نین".

ئێستا مەلا سەید عیسا زۆر بیر لەو بەسەرهاتە

یەک دینار نادرێتە ئەو کەسەی دەبێتە شیعە

مەلا سەید عیسا بەرزنجی

دەکاتەوەو دەڵێ " نازانم چۆن فێری ئەوە کرابووم کە شیعە کافرن، بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لاسایکردنەوە شتەکان دەڵێنەوە".

سەرەتای ساڵانی هەشتا، لە ڕێگەی تورکمانێکی شیعەوە لە کەرکووک، بۆ یەکەمین جار دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئایینزای شیعە "ئەوکات تەمەنم 15 ساڵان بوو، لەبەرامبەر پرسیارەکانی ئەو دۆستە شیعەیەمدا هەمیشە دۆش دادەدەمام و وەڵامم پێنەبوو".

لەوێوە خولیای خوێندن لە حەوزەکانی کەربەلای نەجەف دەکەوێتە مێشکی سەید عیساوەو ئەو باسە لەلای باوکی دەوروژێنێ

مەلا سەید عیسا لەگەڵ مالیکیدا

"باوکم گوتی ڕۆڵە تۆ کوردی و لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعیت و باش نییە بڕۆی".

سەید عیسا دەڵێ هەر لە سەردەمی پێگەیشتنیەوە حەزی لەوەبوو لەبارەی مەسیح و مارکسیزم و ئایینەکانی دیکە زانیاری هەبێ. کۆتایی ساڵانی هەشتاکان کتێبێکی بەناوی (الوهابیه فی المیزان) دەست دەکەوێت کە هی نووسەرێکی شیعەیەو زۆر بەو کتێبە کاریگەر دەبێت.

کاتێکیش هەر لەو ساڵانەدا دەکەوێتە زیندانی ئەبوغرێب، بۆ یەکەمجار هەست بەو ناکۆکییە گەورەیە دەکات کە لەنێوان شیعەو سوننەدا هەیە "لەکوردستان هەست بەو ناکۆکییە ناکەی تا نەچیتە ناو عەرەبەکان". هەر لە زیندان لە ڕێگەی شیعەکانەوە چەندین کتێب و بڵاوکراوەی پێدەگات و دوای خوێندنەوەی چەندین سەرچاوە، هزری بە بیروڕای شیعەگەرایی پڕ دەکات.

بەڵای سەید عیساوە دیارترین خاڵی هاوبەش لەنێوان کورد و شیعەدا ئەوەیە کە هەردووڵا بەدرێژایی مێژوو چەوساوە بوونە. سەیریش لەوەدایە ئەو هەردوو لایەنە چەوساوەیە لە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی کتوپڕدا پێکەوە بوونە ڕۆڵگێڕی سەرەکی سەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق. هەمیشەش هەردووڵا لە هەڵوێستە سیاسییەکانیاندا لێکدی نزیکتر بوونە بە بەراورد لەگەڵ سوننەی عەرەب. ڕەنگە سارد‌وسڕیی کورد بەرامبەر مەسەلەی مەزهەبی و تێکەڵنەبوونی لەگەڵ ئەو ململانێیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەم ئینتیما مەزهەبییە هەرگێز دادی کوردی نەداوە، کورد لەعێراقدا سوننە بووبێت یان شیعە هەر بەر شاڵاوی قڕکردن کەوتووە. ئەگەر لەنێو شیعەدا کەسێکی وەک سەید موحسین حەکیم هەبووبێت کە کوشتنی کوردی بە کوفر زانیوە، ئەوا لەنێو سوننەی عەرەبدا نموونەیەکی هاوشێوە نییە. مەلا سەید عیسا دەڵێت "ئەگەر لێم بپرسی بۆچی ئەنفال ڕوویدا، دەڵێم لەبەرئەوەی عەبباسییەکان، ئەوانەی کە بەعسییەکانیان دروستکردووە دەستیان لەئەنفالدا هەبووە، بڕوام وایە ئەگەر ئەو ئینقیلابە لەئیسلام نەکرایە، مرۆڤایەتی ئەوشی ئەو هەموو چەوساوەیە نەدەبوو".

ئەو مامۆستا ئایینیە کە ئێستا ڕۆژانە دەچێتە حوسەینییەکەی شاری سلێمانی، دەڵێت "من ناتوانم بڵێم شیعەم، چونکە شیعە پایەیەکی زۆر بەرزەو من پێینەگەیشتووم". لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی بەشیعە هێندە پتەوە کە دەگاتە ئەوەی بڵێ "ئەگەر هەموو شیعەکانی کەربەلای نەجەف و دنیاش پەشیمان ببنەوە، من پەشیمان نابمەوە".

مەلا سەید عیسا لە سەردانەکانیدا بۆ کەربەلای نەجەف، جارێک چووەتە لای سەید عەلی سیستانی و لەبارەی چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ ئەو گەورە مەرجەعەی شیعە دەڵێت "سەید سیستانی زۆر کاریگەرە بەمەزڵومەیتی کورد". گوتیشی "هیچ سەیر نەبوو بەڵایەوە کە من بوومەتە مێهرەبان، چونکە حاڵەتی وەک من زۆرەو ڕۆژانە دەیانبینێ".

سەید عیسا جگە لە سیستانی، نوری مالیکی و عەمار حەکیم و زۆریەی پیاوە ئایینییەکانی حەوزەی نەجەف و کەربەلای بینیوە. بینینی مالیکی لە کۆنگرەی نەقابە قورئانییەکاندا بوو، کە ئەو لە هەڵبژاردنیدا چوارەم دەنگی هێناوە.

سەید عیسا زۆر بە پێداگیرییەوە گوتی "خەڵکی دیکەش لەسلێمانی بوونەتە شیعە". بەڵام ڕەتیکردەوە هیچ لایەنێکی شیعی هاوکاریی دارایین بکات بۆ ئامانجی سیاسی و دەڵێ "یەک دینار نادرێ بە کەسێک کە بێتە شیعەو من ئەوە بەخەیاڵات دەزانم".

سەیر لەوەدایە کە 23 ساڵە لەماڵی سەید عیسادا شیعەو سوننە پێکەوە دەژین، ئەو تائێستا خێزانەکەی نەبووەتە شیعە "ئەو ئازادەو من دەست ناخەمە ئازادی کەسەوە، ئەو بەپێی پەیڕەوی سوننە نوێژ ڕۆژو جەژنی خۆی دەکات". لەبارەی منداڵەکانیشیەوە گوتی "ئەوانیش لەنێوان من و خێزانمدا نەکەوتوون بەلایەکدا، بەڵام کەمێک لەخۆمەوە نزیکترن، ناتوانم بڵێم منداڵەکانم شیعەن یان سوننە".

یەکێکی دیکە لەوانەی پتر لە 12 ساڵە پشتی لە سوننەو ڕووی لە مەزهەبی شیعە کردووە، کاروان ملازادەیە کە خەڵکی هەولێرە. کاروان کۆتایی ساڵانی نەوەدەکان قوتابی کۆلێژی شەریعە بووە لە زانکۆی دهۆک و دەڵێت "من وەک قوتابییەک زۆر پرسیارم لەلا دروستبوو کە بۆ وەڵامەکانیان دەگەڕام، جیاوازی سوننەو شیعەش ئەوەبە کە سوننە مەسەلەکان دەشارنەوە، بەڵام لەناو شیعە هەموو شتێک بەئاشکرا باس دەکرێت". کاروان لەوبارەوە نموونە دێنێتەوەو دەڵێت "یەکێک لەو جەنگانەی کاتی خۆی لەنێوان معاویە و ئیمام عەلیدا ڕوویدا، کە لەکۆلێژ باسمان دەکرد مامۆستاکان دەیانگوت ئەوانە سەحابەن و کوژراو و بکوژ هەموویان بەهەشتین، ئەمە بەڵای منەوە جێی باوەڕ نەبوو، بەڵام سوننە ناهێڵن لێی بکۆڵیتەوە. یان لەسەر قەسر و جەمعی نوێژ پرسیارم لە مامۆستا دەکرد وەڵامێکی وردی پێ نەبوو، یان پرسیاری ئەوەی ئایا پێغەمبەر لەدوای خۆی جێنشینی داناوە یان نا، ئەگەر دایناوە کێ بوو، ئەگەر داینەناوە ئەی بۆچی ئەبوبەکری سدیق وەک ئەوی ئەکردو عومەری کوڕی خەتابی لەجێی خۆی دانا؟".

کاروان دەچێتەوە ناو ئەو مشتومڕەی کە سەدان ساڵە بەردەوامەو بەلایەکدا نەکەوتووە، بەڵام ئەو خۆی بەکلایی کردووەتەوەو دەڵێت "من مەزهەبی ئەهلی بەیت بەڕاست دەزانم، ئێستا ئێمە وەک کورد مەزهەبمان لە شافیعی وەرگرتووە، شافیعی ئەو زانستەی لەکێ وەرگرتووە دەبێ لێی بکۆڵینەوە. ئێمە ئایین لە جەعفەری سادق وەردەگرین، جەعفەر لەبابی وەریگرتووە کە محەممەدەو ئەویش لەبابی وەریگرتووە کە عەلییەو ئەویش لەبابی وەرگرتووە کە حوسێنەو ئەویش لە ئیمام عەلی و پێغەمبەری وەرگرتووە، ئەمە سەرچاوەیەکی پاکترە".

کاروان داکۆکی لەوە دەکات کە پێغەمبەری ئیسلام پاش حەجی ماڵئاوایی کاتێک لە غەدیر خەڵکەکەی کۆکردەوە، پێی گوتبوون (من کنت مولاه فهذا علی مولاه) و هەروەها دەشڵێت "ئەو فەرموودەیە لای سوننەش هەیەو بە سەحیح دانراوە، ئیمامی غەزالی لەئامیلکەیەکدا ئەوەی بە وردی باسکردووە کە مەبەستی پێغەمبەر ئەوەبووە عەلی لە دوای خۆی خەلیفە بێت".

کاروان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو بە خوێندنەوەی سەرچاوەکان و بەدواداچوونی خۆی بەو باوەڕە گەیشتووە، ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە لایەنێکی سیاسی یان ئایینی شیعە دەستی لەبڵاوکردنەوەی ئەو مەزهەبەدا نییە.

کاروان ئەوەشی ڕەتکردەوە کە لەسەر ئەو باوەڕەی لەنێو خێزانی خۆیدا هیچ کێشەیەکی بۆ دروست بووبێ و دەڵێت "شتەکەیان زۆر بەئاسایی وەرگرت و کاریگەریم لەسەر هەندێکیشیان هەبووە".

ئەو بەدڵنیاییشەوە دەڵێت کە ئینتیمای مەزهەبی هیچ کاریگەریی لەسەر بیروباوەڕی سیاسی نییە "من وەکو ئایین لەگەڵ مەرجەعیەتم، بەڵام وەکو سیاسەت نەخێر، لە هەڵبژاردن کێ بە پارێزەری ئەم گەل و نیشتمانە بزانم دەنگ بەو دەدەم".

(رووداو) هەر لەشاری هەولێر سەردانی شێخ بەشیر عادل گولی کرد کە خەڵکی زاخۆیە و یەکێکە لەوانەی لەنێوان شیعە و سوننەدا خۆی بەکلایی کردووەتەوە. شێخ بەشیر ئێستا لە لقی هەولێری دەرگای شەهیدی میحراب کارمەندەو کاتێک ئەو پرسیارەی لێدەکەی کە "بۆچی مەزهەبی خۆت گۆڕی؟" تووشی سەرسوورمان دێت " ئاسایییە کەسێک لەمەزهەبی ئیمامی مالیک بچێتە سەر مەزهەبی شافعی یان حەنەفی، بۆ نابێت کەسێک لەمەزهەبەکانی دیکەوە بچێتە شیعە؟".

ئەو دەڵێت "نزیکترین مەزهەب لە مەزهەبی شیعە، شافعییە و 70% تا 80% بەیەک دەچن، بەڵام مەزهەبی شافعی لەگەڵ مەزهەبی حەنەفی یان مالیکی 40% تا 50%بەیەک دەچن، ئاساییە بۆئەوان لە شافعی ببنە حەنەفی کە ئەو هەموو جیاوازییە هەیە، بەڵام بۆ لەشافعی بچێتە سەر مەزهەبی شیعە ئاسایی نییە؟". بەبڕوای ئەو مەسەلەکە هەر ئەوەیە کە ناوی شیعەیە و پێیوایە "ئەو جیاوازییە دوژمنانی ئیسلام دروستیان کردووە".

شێخ بەشیر پێیوایە ئەم گۆڕینی مەزهەبە شتێکی نوێ نییە لەنێو ئیسلامدا "ئەوە شتێکی تازە نییە و زیاتر کاردەکا ساڵ پێش ئێستا ئەم گۆڕینە هەبووە، ئێستاش لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان بەهەزاران کەس قەناعەتیان بۆدروست دەبێ و دەبنە شیعە".

هەروەها ئەوە ئاشکرادەکات کە لەکوردستان خەڵکێکی زۆر هەن بوونەتە شیعە و دەڵێ "هەیە خەڵکی ئاساییە یان مەلای مزگەوتە و مامۆستای زانکۆیە".

مەلا سەید عیسا لە کۆنگرەی نەقابە قورئانییەکاندا

مەلای مزگەوت و مامۆستای زانکۆ لە کوردستان بوونەتە شیعە

شێخ بەشیر زاخۆیی

شێخ بەشیر دەڵێت "ئەم کێشەی مەزهەبە لەدوای وەفاتی پێغەمبەر دروستبوو، ئێمە تاکۆتایی لەسەر مەزهەبی پێغەمبەر دەژێین، چونکە پێغەمبەر فەرموویەتی لەدوای من پەیڕەوی عەلی کوری ئەبوتالیب بکەن، ئێمەش لەسەر پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو دەژێین، ئەمە مانای ئەوە نییە من کافر بوومە یان گومڕابوومە، پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی لەدوای خۆم دوو شت بەجێدێڵم یەکێکیان قورئانی پیرۆزەو ئەوەی دیکە ئەهلی بەیتی منە، هەرکەس پابەندی ئەم دووشتەبێت گومڕانابێت، مادام پێغەمبەری ئیسلام ئەوەمای فەرمووە ئابێ ئێمە لەفەرمایشتەکانی دەرچین، ئێستاش لەسەر بەرنامەی ئەهلی بەیت دەڕۆین".

بەبڕوای شێخ بەشیر کەموکوڕی لە ئیسلامدا نییە بەڵکو لە مەزهەبدا هەیە و دەشڵێت "ئێمە لەمەزهەبێک دەگەڕێین کە هیچ کەموکوڕیی نەبێت، بۆمان دەرکەوتووە بێ خەوشترین مەزهەب مەزهەبی ئەهلی بەیتە، ناتوانن یەک خاڵی هەڵە لەمەزهەبی شیعە بدۆزنەوە".

شێخ بەشیر وەک خۆی دەیگێڕێتەوە، ئەوکاتەی قوتابی بووە لە دواناوەندی زۆر پرسیاری لەلا دروست بووەو مامۆستاکانی نەیانتوانیوە وەڵامی بدەنەوە "چونکە کێشە لەمەزهەب بوو نەیاندەتوانی وەڵامم بدەنەوە، بەڵام دوایی وەڵامی پرسیارەکانم لە مەزهەبی ئەهلی بەیت دەستکەوت، بۆیە گەیشتم ئەو بڕوایەی ئەو مەزهەبە ڕاستە".

سەرەتا کە گۆڕینی مەزهەبەکەی لێی بکۆڵینەوە. ئێمە ئایین لە جەعفەری سادق وەردەگرین، جەعفەر لەبابی وەریگرتووە کە محەممەدەو ئەویش لەبابی وەریگرتووە کە عەلییەو ئەویش لەبابی وەرگرتووە کە حوسێنەو ئەویش لە ئیمام عەلی و پێغەمبەری وەرگرتووە، ئەمە سەرچاوەیەکی پاکترە".

کاروان داکۆکی لەوە دەکات کە پێغەمبەری ئیسلام پاش حەجی ماڵئاوایی کاتێک لە غەدیر خەڵکەکەی کۆکردەوە، پێی گوتبوون (من کنت مولاه فهذا علی مولاه) و هەروەها دەشڵێت "ئەو فەرموودەیە لای سوننەش هەیەو بە سەحیح دانراوە، ئیمامی غەزالی لەئامیلکەیەکدا ئەوەی بە وردی باسکردووە کە مەبەستی پێغەمبەر ئەوەبووە عەلی لە دوای خۆی خەلیفە بێت".

کاروان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو بە خوێندنەوەی سەرچاوەکان و بەدواداچوونی خۆی بەو باوەڕە گەیشتووە، ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە لایەنێکی سیاسی یان ئایینی شیعە دەستی لەبڵاوکردنەوەی ئەو مەزهەبەدا نییە.

کاروان ئەوەشی ڕەتکردەوە کە لەسەر ئەو باوەڕەی لەنێو خێزانی خۆیدا هیچ کێشەیەکی بۆ دروست بووبێ و دەڵێت "شتەکەیان زۆر بەئاسایی وەرگرت و کاریگەریم لەسەر هەندێکیشیان هەبووە".

ئەو بەدڵنیاییشەوە دەڵێت کە ئینتیمای مەزهەبی هیچ کاریگەریی لەسەر بیروباوەڕی سیاسی نییە "من وەکو ئایین لەگەڵ مەرجەعیەتم، بەڵام وەکو سیاسەت نەخێر، لە هەڵبژاردن کێ بە پارێزەری ئەم گەل و نیشتمانە بزانم دەنگ بەو دەدەم".

(رووداو) هەر لەشاری هەولێر سەردانی شێخ بەشیر عادل گولی کرد کە خەڵکی زاخۆیە و یەکێکە لەوانەی لەنێوان شیعە و سوننەدا خۆی بەکلایی کردووەتەوە. شێخ بەشیر ئێستا لە لقی هەولێری دەرگای شەهیدی میحراب کارمەندەو کاتێک ئەو پرسیارەی لێدەکەی کە "بۆچی مەزهەبی خۆت گۆڕی؟" تووشی سەرسوورمان دێت " ئاساییە کەسێک لەمەزهەبی ئیمامی مالیک بچێتە سەر مەزهەبی شافعی یان حەنەفی، بۆ نابێت کەسێک لەمەزهەبەکانی دیکەوە بچێتە شیعە؟".

ئەو دەڵێت "نزیکترین مەزهەب لە مەزهەبی شیعە، شافعییە و 70% تا 80% بەیەک دەچن، بەڵام مەزهەبی شافعی لەگەڵ مەزهەبی حەنەفی یان مالیکی 40% تا 50%بەیەک دەچن، ئاساییە بۆئەوان لە شافعی ببنە حەنەفی کە ئەو هەموو جیاوازییە هەیە، بەڵام بۆ لەشافعی بچێتە سەر مەزهەبی شیعە ئاساییە نییە؟". بەبڕوای ئەو مەسەلەکە هەر ئەوەیە کە ناوی شیعەیە و پێیوایە "ئەو جیاوازییە دوژمنانی ئیسلام دروستیان کردووە".

شێخ بەشیر پێیوایە ئەم گۆڕینی مەزهەبە شتێکی نوێ نییە لەنێو ئیسلامدا "ئەوە شتێکی تازە نییە و زیاتر کاردەکا ساڵ پێش ئێستا ئەم گۆڕینە هەبووە، ئێستاش لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان بەهەزاران کەس قەناعەتیان بۆدروست دەبێ و دەبنە شیعە".

هەروەها ئەوە ئاشکرادەکات کە لەکوردستان خەڵکێکی زۆر هەن بوونەتە شیعە و دەڵێ "هەیە خەڵکی ئاساییە یان مەلای مزگەوتە و مامۆستای زانکۆیە".

مەلا سەید عیسا لە کۆنگرەی نەقابە قورئانییەکاندا